
# سەماحەتی حەکیم چاوی بە شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت




بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە شاندێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکان و پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەو وێستگە گرنگانە کرا کە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی لە مێژووی تازەی عێراق کەیکردوونەتەوە.

سەماحەتی جەختی لەسەر گرنگی یەکلایی کردنەوەی دەسەی حکومەتە نێوخۆییەکان کرد و بە پێویستی زانی هەماهەنگی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەبێت و کاری ئاوەدانکردنەوە بەردەوامی هەبێت، داواشی کرد حکومەتی خۆجێی پارێزگای کەرکووک پێك بهێنرێت و ڕەچاوی هاوسەنگی پێکهاتەکان بکرێت، دووپاتیشی کردەوە کە پاڵپشتی ڕێڕەوی حکومەتی ناوەندییە لە ڕووی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و ئاماژەی کرد کە گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئاستی ڕەزامەندی میلیی بکەن کە حکومەت و هێزە سیاسییە پاڵپشتەکان دەستەبەری کردوە و کار لەسەر پتەوکردن و بەردەوامی دەکەن.